


# ئاینور:
# نابێ هونەرمەند لە مۆسیقای نەتەوەی خۆی دوور بکەوێتەوە



ئاینۆر دۆگان وەك زۆر لە
ئافرەتانی باکووری کوردستان بە دەنگ و
توانا هونەرییەکانی خۆیەوە توانیویەتی خزمەتێکی زۆر
بە هونەری کوردی بکات و لە بواری گۆرانیگوتندا شوێن
پێی خۆی دیاری بکات. ئاینۆر جگە لە گۆرانیی شۆڕشگێڕی
لە هەر بۆنە و یادێکدا ئامادە بوو بێت ئەوا ژمارەیەك گۆرانی
فۆلکلۆر و رەسەنی کوردی پێشکەش بە ئامادەبووان کردووە کە گیانی
رەسەنایەتی و خۆشەویستی بۆ هونەری رەسەنی کوردی بە ئاشکرا
پێوە دیارە، ئەو بە ئاشکرا دەڵێت: پێویستە هونەرمەندی کورد بە
هیچ شێوەیەك فۆلکلۆر و رەسەنایەتیی هونەریی خۆی لە بیر
نەکات، لەم دیمانەیەشدا ئاینور باس لە چەند لایەنێکی
تایبەت بە هونەری کوردی دەکات.



*** ئەو سیمینار و فیستیڤاڵە هونەرییانەی کە لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان بە ناو و دروشمی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێن، چ گرنگییەکی لە پێشخستنی هونەری کوردیدا هەیە؟**

- هەر فیستیڤاڵ وکۆنفرانس و سیمینارێك بەر لەوەی ئەنجام بدرێ و مەبەستی و ئامانجی تایبەتی بۆ دادەنرێ، یەکێك لە کارە گرنگەکانی ئەوەیە کە هونەرمەندان لە یەکتری نزیك دەکاتەوە، دیارە ئێستا زۆر کێشە و گرفتی تایبەت بە هونەری کوردی هەن و هەموو لایەکیش هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدەن، مۆسیقای کوردی پێویستی بە پاککردنەوە هەیە، چونکە دەبینین تا رادەیەك لاواز بووە و بێگانە و دوژمنەکانی کورد بە هەموو شێوەیەك ویستوویانە لە رەسەنایەتی کەم بکەنەوە و بیشێوێنن بەرەو رێی مەترسیدار و لەناوچوونی بەرن و وایان کردووە ئێمەی کورد بە دوای پێناسەیدا بگەڕێین، بەڵام ئەگەر ئەو گەڕانەی ئێمە بە شێوەیەکی ئەکادیمی نەبێت بێگومان هەوڵەکان سەرکەوتوو نابن، زانایان و پسپۆڕان و توێژەران دەتوانن ئەرکەکانی خۆیان دیاری بکەن لەم بوارەدا و هەرچەند کۆڕ و کۆنفرانسی تایبەت بە هونەر ببەسترێن کاری ئێمەی هونەرمەند ئاسانتر دەبێت و زووتر مۆسیقای کوردی دەکەوێتە سەر رێگەی راستەقینەی خۆی ئەمەش بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەکمان دێتە ئاراوە.

*** ئێستا ئاستی هونەری کوردی بە گشتی و مۆسیقا و گۆرانیی کوردی بەتایبەتی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- ئەمرۆ مۆسیقا و گۆرانیی کوردی گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر بەرز و هەنگاوی زۆر باش لەم بوارەوە هاوێژراوە، لە دێر زەمانەوە هەتا ئەمرۆ مۆسیقای کوردی بەردەوامە، بۆیە دەبینین فۆلکلۆر بۆتە هەوێنی مۆسیقای کوردی و گۆرانیبێژانی کورد هەمیشە گۆرانییان چڕیوە و هەوڵی پاراستنی هونەری رەسەنی کوردییان داوە و لە دیوەخان و ژووری میوانان دەستیان خستۆتە پاڵ گوێیان و گۆرانییان گوتووە، بەتایبەتی لە شەوە درێژەکانی زستان کە تا بەرەبەیان بەردەوام بوون لە گۆرانیگوتن، ئەم دابونەریتە کۆن و رەسەنە هەر بەردەوام بووە، ئەمەش وەك دەرفەتێکی زێڕین بووە بۆ

هونەرمەندانی کورد کە بۆ هونەرمەندانی گەلانی دیکە نەڕەخساوە و گەنجینەیەکی بێ کۆتاییمان بۆ ماوەتەوە، بۆیە پێویستە ئێمەش بە باشترین شێوە سوودی لێ وەربگرین، شێوەی گۆرانیی گوتنی هونەرمەند هەر چۆنێك بێت نابێ لە فۆلکلۆر دوور بکەوێتەوە بەم شێوەیە واتە بە پشت بەستن بە فۆلکلۆری ڕەسەن هونەر بە شێوەیەکی ڕەسەن پەروەردە نابێ و ناگاتە ئاستێکی جیهانی.

*** ئایا هونەرمەندان وەك پێویست سوودیان لەم دەرفەتە وەرگرتووە؟**

- مخابن ئەمڕۆ هەندێك هونەرمەند و گۆرانیبێژ کەوتوونەتە نێو هەڵەیەکی گەورەوە و بەردەوام دەبن لەسەر هەڵەکان و بەڕاستی نازانن چی دەکەن و چی پێشکەش بە جەماوەر دەکەن، پێویستە ئەوان لەو شێوازەی بیرکردنەوەی ئێستایان دوور بکەونەوە و دووبارە روو بکەنەوە فۆلکلۆری کوردی، ئەو کات بە دڵنیاییەوە لە کارە هونەرییەکانیان سەرکەوتوو دەبن.

*** چ پێشنیارێکت بۆ پێشخستنی هونەری کوردی و گەیشتنی بە ئاستێکی جیهانی هەیە؟**

- دەبێت وەك گەلانی دنیا ئێمەش هەوڵ بدەین مۆسیقای خۆمان پێش بخەین و دەنگی ئێمە لە دەرەوەی سنوورەکانمان ببیسترێت ئەمەش بەوەی گوێ لە هونەری ئێمە بگیرێت و لە هەر شوێنێك ئەوەی گوێی لێ بێت بزانێت کە ئێمەش کوردین و ئەو گۆرانیانەی دەیڵێین بەرهەمی فەرهەنگ و کەلتووری ڕەسەنی کوردییە، من بەگوێرەی توانای خۆم ئەم کارە دەکەم، بێگومان کار و خەباتی من بە تەنیا بەس نییە، پێویستە زۆر کەسانی دیکەش بە هەمان شێوە هەر یەکە لە شوێنی خۆی و بەتوانای خۆی ئەم کارە بکات و مۆسیقای کوردی بخاتە سەر ڕێگەیەکی ڕاست و دروست و ئەفراندن و داهێنانی نوێ بهێنێتە ناو کاری هونەری، هەروەها کۆڕ و کۆنفرانسی هونەریی بەردەوام بە بەشداری پسپۆڕانی کوردی و جیهانی ساز بکرێ بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان و نەهێشتنیان و پتەوکردنی لایەنە بەهێزەکانی گۆرانی و مۆسیقای کوردی و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی دیکە.

*** ئەی بە بەراورد لەگەڵ گۆرانی و مۆسیقای وڵاتانی دراوسێ، مۆسیقای کوردی لە چ ئاستێکدایە؟**

- ئێمە نابێ بە پێی زانیاریی مۆسیقای تورکی (بۆ نموونە) مۆسیقای کوردی هەڵبسەنگێنین، چونکە دوو شتی جیاوازن و هەریەکەیان بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە و لە هەلومەرجی جیاواز هاتوونەتە ئاراوە، واتە بە هەموو شێوەیەك لەیەکتری جیاوازن تەنانەت مرۆڤ دەتوانێت بڵێت هاوسێی یەکتریش نین و زمانیشیان لە یەکتری دوورە، هەروەها هزر و فەرهەنگ و کەلتووری هەردووکیشیان جیاوازە بۆیە مەترسییەکانی دێنە سەر ڕێگەی مۆسیقا بۆ هەردوولا تورك و کورد وەك یەك نین، بۆ نموونە ئارابیسك بە مەترسییەکی گەورە دادەنرێت بۆ سەر مۆسیقای تورکی، کەچی لەناو مۆسیقای کوردیدا هاڕراوە و بۆتە پارچەیەك لەو مۆسیقایە، بەڵام پۆپ هەتا ئێستا لەنێو مۆسیقای ئێمەدا بە شێوەیەکی دیار شوێنی خۆی نەگرتۆتەوە و بە توانا و هەوڵی تاکە کەسی ناکرێ گەشە بکات، هونەرمەندی کورد ئێستا خەریکی دابینکردنی ژیانی خۆیەتی و وەکو پێویست زانیاریی تەواویان لەسەر مۆسیقای جیهانی نییە، هەروەها پێویستە هونەرمەند شارەزایی لە مۆسیقای خۆی هەبێت، کاتێك زانیاریی دەبێت دەربارەی هونەری بیانی ئەو کات لە زمانی مۆسیقاش دەگات و کارەکانی ئاسانتر دەبن، بەم شێوەیە دەتوانێت سەرەدەری لەگەڵ مۆسیقای جیهانیشدا بکات، ئەوەی پێویستە لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤ نابێت هیچ کاتێك لە مۆسیقای نەتەوەی خۆی دوور بکەوێتەوە. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە مۆسیقای ئێمەش وەك هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیان لەسەر ڕێبازی ڕاپەڕین پەروەردە بووە و پێشکەوتووە. من ئومێدم زۆرە بە دوارۆژ بۆیە لە ئێستاوە دەڵێم پێویستە لە باشوورەوە دەست بەم کارە بکرێ و زوو مۆسیقا لەو بارەی ئێستای رزگار بکرێ و زیاتر ئەکادیمی ئەنیستیۆتی هونەری و مۆسیقا دابمەزرێن و مێژگرد و لێکۆڵینەوەی زیاتر دەربارەی مۆسیقا ئەنجام بدرێ، لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا زیاتر بوار بە گۆرانیی کوردی بدرێت، تاکو ڕێگەی گەشەسەندنی مۆسیقاش خۆشتر ببێت، لە هەمان کاتدا کەناڵی تایبەت بە گۆرانی و مۆسیقا دابمەزرێنن.





# جانسۆ چ وەرزشێک ئەنجام دەدات

زۆربەی هەرەزۆری خانمە ئەکتەرەکان بەشێوەیەکی بەردەوام مەشق و یاریی وەرزشی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن بۆ بەهێز راگرتنی جەستە و بوون بە خاوەن لەش و لارێکی جوان و دووركەوتنەوە لە زیادبوونی کێشی لەش، هەریەکیان بە گوێرەی توانا و هێزی خۆی، هەندێکیان مەشق و یاریی توند و قورس ئەنجام دەدەن کە هەندێکیان تەنیا تایبەتن بە پیاوان و بۆ ئافرەتان سەختن.

خانمە ئەکتەری تورکی جانسۆ دیری کە بە (فەیروز) ناسراوە، یەکێکە لەو ئەکتەرانەی هەمیشە هەوڵ دەدات خاوەن لەشێکی جوان بێت، بۆیە بەردەوام یاریی کیك بۆکسینگ ئەنجام دەدات کە یارییەکی توندە و زیاتر بە یاریی پیاوان ناسراوە، ماوەیەکە جانسۆ لەلایەن راهێنەرێکی تایبەتەوە لە یەکێك لە یانە وەرزشییەکانی ناوچەی ئەتیلار دەستی بە مەشق کردووە و تەنیا مەشقەکان ئەنجام نادات، بەڵکو بەردەوام یاری دەکات و بەم دواییە پلەی تەواویشی بە دەستهێناوە و خەریکە راهێنەرەکەی پشتی پێ ببەستێ و دوور نییە لە یارییە رەسمییەکانیشدا بەشداری پێ بکات.

شایەنی باسە بەشێکی زۆر لە ئەکتەرە تورکەکان روویان لە یاریی کیك بۆکسینگ کردووە لەوانە: کیڤانگ تاتلیتۆج، سینەم کۆبال، فەهریە ئافجان، سەلما ئارجیك و جان بۆنۆمۆ.

# ئەمەل پشت بە جوانی نابەستێت

خانمە ئەکتەری جەزائیری ئەمەل بوشوشە رایگەیاند کە ئەزموونی خۆی لە بواری نواندندا زۆر زەحمەت بووە و تووشی ئاستەنگی زۆری کردووە، چونکە هەمیشە پشتی بە تواناکانی خۆی بەستووە و هیچ کاتێك هەوڵی نەداوە بە هۆی جوانییەکەیەوە سەرکەوتوو بێت و شوێنی خۆی بکاتەوە.

لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی (رای) ئەمەل دەڵێ: هیچ شتێك بە ئاسانی بەدەست نایەت بەتایبەتی سەرکەوتن لە کاری هونەریدا زۆر زەحمەتە، من بە هەموو شێوەیەك دژی ئەوەم کە ئافرەتە هونەرمەندەکان پشت بە رووخساری دەرەوەیان ببەستن بۆ سەرکەوتن، چونکە ئەمە هیچی ماندووبوونی ناوێ و هیچ بەهرەیەکیشی تێدا نییە و هەموو ئافرەتێك دەتوانێت تا رادەیەکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بێت.

دەربارەی خۆیشی ئەمەل وتی: من بە هیچ شێوەیەك پشت بە شێوە و روخسارم نابەستم، ئەزموونی نواندن بۆ من کارێکی ئاسان نەبووە، چونکە تەنیا پشتم بە توانا و بەهرەکانی خۆم بەستووە، زۆریش خۆم ماندوو کردووە، بڕواشم بەو مەتەڵە نییە کە دەڵێ تەنیا جوان بە، بێدەنگ بە، من بۆم دەرکەوتووە کە نواندن کارێکی جیاواز و سەختە لە هەمان کاتدا کارێکی جوان و بەرزیشە، بەتایبەتی کە ئەکتەر دەتوانێت چۆن و کەی هەنگاو دەنێت.





# کریستینا جوانیەکەی خۆی لە دەستداوە

بە هۆی داوای زۆری جەماوەرەوە یەکێك لە ئاواتەکانی خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی ئەمریکی کریستینا ئەگویلیرا بریتی بوو لەوەی کێشی لەشی دابەزێنێت بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجڕاکێش بێت، چونکە بەردەوام لە رێگەی پەیجە کۆمەڵایەتییەکان داوای ئەوەیان لێدەکرد کە پێداچوونەوەیەکی کێشی خۆی بکات و هەست دەکەن ئەو جوانییەی جارانی نەماوە بەهۆی قەڵەوی.

جەماوەرەکەی کریستینا ئەوەیان روون کردەوە کە لە دیمانە و کارە هونەرییەکانیدا ئەو سەرنجڕاکێشییەی جارانی نەماوە، بۆیە کریستیناش ریژێمێکی قورسی بۆ خۆی دانا و توانی لە ماوەی چەند مانگێکدا نزیکەی ٥٠ کیلۆگرام لە دەست بدات، بەڵام ئەوەی بووە مایەی نیگەرانی کریستینا و جەماوەرەکەی ئەوە بوو کە لەگەڵ لەدەستدانی کێشی بە هەمان سەرنجڕاکێشی و جوانی پێشووتریشی لە دەستدا و ئەو کریستینایەی جاران نەما و زۆریش گۆڕا، کریستینا لەو ماوەیە دوورکەوتەوە لە خواردنی ئەو خواردنانەی کە کالۆرییان زۆرە و لە زۆر چێشتخانەکان پێشکەش دەکرێت و زیاتر پشتی بە زەڵاتە و خواردنی سەوزە و میوە دەبەست و لە گۆشت دوورکەوتەوە بە هەموو شێوەیەك، هەروەها لەبەر ئەوەی لە ماوەی سێ مانگدا تەنیا خواردنی ماڵەوەی دەخوارد کە پێیوابوو لە رووی تەندروستییەوە لە خواردنی چێشتخانەکان باشترە.

ئەوەی زیاتر کریستینای تووڕە کرد بریتی بوو لە میدیاکان، چونکە کاتێك کێشی زۆر بوو، بە هەموو شێوەیەك باسیان دەکرد و رەخنەی زۆریان لێی دەگرت، هەروەها کاتێك کێشی دابەزی دیسان کەوتەوە بەر رەخنە و تەنانەت هەندێك لە رۆژنامەکان باسیان لەوە کرد کە دابەزینی کێشی کریستینا لە ئەنجامی تووشبوونیەتی بە نەخۆشییەکی کوشندە و ئەگەر واش نەبێت پێویستی نەدەکرد بەم شێوەیە کێشی دابەزێنێت، چونکە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر جوانیی روخساری داناوە.